www. kurdistannet. org
10-9-02 23:43:39

# خەونێکی تاڵو دوو وێنەی جیاواز

ريبوار عارف

**پێشەکی**

لەو ڕۆژەوە کە هەواڵی دۆزینەوەی لاشەی پارچە پارچە کراوی ئەو کۆرپەلەم بیستووە کە لە زبڵدانێکی قەراخ شاری دەربەندیخاندا دۆزراوەیەوە، کە ئەو تراژیدیایە بە تاوانی نا شەرعی بوونی جۆری لەدایك بوون، شەرعیەت بەمەرگی دراو دایکی لەبەر تانەو لۆمەو سەرزەنشتی دابونەریتی کۆپەرستانەی کۆمەڵگا دەستی چووە لەت لەت کردنی جگەرگۆشەکەی خۆی، بەڵی ئیتر لەو ڕۆژەوە هەر جۆرە هەواڵێکی مندالان بۆ ساتێك دەمگەڕێنێتەوە باوەشی ئەو ساوایەی کە هەر بە مەلۆتکە کراوی زبڵدان کرایە دوا مەزنزڵگەی.

<u>وێنەی یەکەم</u>: کاتژمێر یەکونیوی شەو بوو، چاوماندوی خەویکی قورس بووم، چەند خولەکێك بوو لەسەر جێگەکەی خۆم لە باڵکۆنەکەدا راکشابووم، لەپڕ لوورە لووری ئیزعاف وگرمەگرمی ناقولای کۆپتەر سەرئاسمانی ڕوبارەکەی نیزکمانی ڕووناك کردەوە و گلۆپی زەردو سووری سەر سەیارەکانی پۆلیسیش هیندەی تر ئەو ناوەی تەنی یەوەو. پێم سەیر بوو دەبێت چی قەومابێ وا بەو شێوە ئەم گەڕکەی ئێمە بە هێزی فریاگوزای تەنراوە. بیرم بەلای زۆر شتدا دەچوو بەلام هیچیان وینەی مندالیکی مەلوتکەیان لەخۆ نەدەگرتبوو کە پاش تاویك یەکێك لە دراوسێکانم ئاماژەیەکی سەرپی پێ کرد. بۆ سبەینی کە لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە ( (ڕۆژنامەی ئیواران))م کردەوەو چوومە بەشی ڕووداوەکان، لەوێدا مانێشتێکم بەناونیشانی ( (گومانی بێ سەرو شوین کردنی کۆرپەیەك))کەوتە بەرچاو، منیش خیرا گیرانەوەی دراوسیکەمانم وەبیرهاتەوە.

ڕووداوەکە بەم شێوە بوو شەوی ڕابردو لاوێکی تەمەن ١٦، ١٧ ساڵ تەلەفون دەکات بۆ پولیس وئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەو چەند خۆلەك پێشتر حالەتێکی گومانلیکراوی بەدی کردو بە پیویستی زانی کە پۆلیسی لیّ ئاگادار بکاتەوە تا بەدوای ئەم گومانەدا بچن: ( (ژنێك درنگ وەخت مەلۆتەیەکی بە باوەشەوە بووەو لە ڕێگەی نزیك فلانە ڕوبارەوە بەجۆرێکی سەرنج ڕاکێش سەیری ئەم لاولای خۆی کردوەو تا لە چاو وون بووە)). دیارە پۆلیس وهیزەکانی فریاگوزاری بە تەنها بەقسەی لاویکی وا بڕوا ناکەن و ئاسای یە فەراموشی بکەن، بەلام دواتر کە چەند کەسانێکی تر تەلەفونیان کردو بەهەمان داستانیان گیرابووەوە، پاشان دواتر زۆری نەبرد کە وڕە وڕی سەیارە اسعاف و ئەلیکۆپتەر ئەو ناوەی کردە پشت جەبهەیەکی درەنگ وەخت.

<u>وێنەی دووەم</u> : زۆرجار دەڵێن ئەوروپا بەهەشتی پەنابەران نی یە، نەك هەر ئەوە بەلکو بۆ زۆر کەسیش بووتە جەهەنم !

بەلام هەقیقەتێك لەژێر باڵی باڵگرتنەوەو ئۆقرە لێبرانی ئەو خەلکەدا بەدی دەکرێ، کە جیاواز لەهەر پلەیەك لە بوونی ئەمنیەت و ئاسایش لەم وولاتانەدا، کە لە کوردستان پیچەوانەکەیەتی ، هەروەها خەبات وتێکۆشانی ئینسان لەم کۆمەلگایانەدا بەڕادەیەك سەمەر بەخش بوو، کە لە زۆر لایەنەوە حورمەت و ڕێزی ئینسان وبەتایبەت مندالان بووتە سونەت وپرنسیپێکی جێ کەوتوو.

شەوی ڕابردو لەبەرخاتری ئەو <u>گۆمانەی</u> کە ڕەنگە دایکێك مندالەکەی خۆی بێ سەروشوێن کردبێ، پۆلیس وخەستەخانە و تیمەکانی فریا گوزاری مانۆریکی گەورەیان لێدا، چونکە لێرە ژیان وچارەنووس وحورمەتی مندالان تا ئەو شوێنە پارێزراوە کەڕێگە بەکار لەکات ترازانێك نەدەن وئەگەر تەنها بەخاتری ئەو گومانەش بووە

ئەوا چەندین دام ودەزگای دەولەتی ناچار بە بەتەنگەوە چوونی ئەو ڕووداوە گومان لێکراوە بوون، کە ئاسەوارێکی لیٚ بەجیٚ نەما تەنها خەو زراندنی کەسانیکی وەك من نەبیٚ.

تۆ بلٚی ی خەلکی ئەو وولاتەی کەمنی لیٚوە هاتووم هیٚندە خەبات وتیکۆشانی نەکردبیٚ کە پاش ١٢سال تیٚ پەربوون بە سەر تەمەنی " حکومەتی خۆمالی " هیٚشتا کۆرپەلەکانی تیٚدا هەنجن هەنجن نەکرین و تازە نەك هەر هیچ بە دوا چوونیٚکیش نەبیٚت لەو بارەوە بەلٚکو ئەو هەوالٚەی کە هەر ساتە هەزاران کەسی وەك منی پیٚ بتاسیٚنریٚ، لە پەرەگرافیٚکی ستوونی هەوالەکانی ڕۆژنامەیەکەك زیاتر شوینەواریٚکی تر لەم سەر زەمینەدا لە پاش خۆی بەجیٚ نەهیٚلٚیٚ. ئایا بەڕاستی ١٢ سال لە تەمەنی هیٚزو لایەنیٚکی دەستەلاتدار بای ئەوەندەی تیدا نەدەبوو کە دوو یاسای لە بەرژەوەندی پاراستنی حورمەتی مندالاندا دەستەبەر بکردایٚ ومندالانیك کە لە دەرەوەی زەواجی ڕەسمی لە دایك دەبن ژیان و کەسایەتی یان پاریٚزگاری لیٚ بکرایەو هەر جۆرە توندو تیژی یەك و هەر فشاریٚکی جسمی و دەرەونی لەسەر منالان قەدەغە بکرایەو ئەو داب و نەریت و فەرهەنگە کونەپەرستانەی کە ژیان و حورمەت و کەسایەتی مندالان دیٚنە ژیٚر پرسیار بە گۆر بسپاردایە ؟؟ !!

١٤ / ٨ / ٢٠٠٢